كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سەرۆكایەتی هەرێم
دیـــوان

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
رئاسة الاقليم
ديـــوان

ژمارە: ١٨٠ د
بەروار: ٢٠١٥/٣/٢٩

ژمارە ٧٨١/٢/٤ — ٢٠١٥/٣/٢٩

**بۆ / سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی دادوەری**

**بابەت / بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥**

هاوپێچ بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ تان بۆ دەنێرین بۆ جێبەجێ كردنی .

ئەم بڕیارە پەرلەمانی كوردستان – عێراق لە دانیشتنی دەسپێكی خولی بەهارە لە ٢٠١٥/٣/٣ تەشریعی كردووە و بە نوسراوی ژمارە ١١٩٣/٣/٤ لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٩ بۆمانی ناردووە و جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٥ لە ٢٠١٥/٣/١٦ دەریكردووە .

لە گەڵ ڕێزدا ...

**هاوپێچ**

- دەقی بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ .

**فـــؤاد حسیـــن**

**سـەرۆكـی دیـــوان**

كاروباری پەرلەمان
ئاراستەی ئاگاداریی پەرلەمان
بكرێت بۆ بڵاوكردنەوە -
٣/٢٩

**وێنەیەك بـۆ//**

- سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان –عێراق ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە ١١٩٣/٣/٤لە ٢٠١٥/٣/٩.
- نوسینگەی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستـــــان .
- نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان .
- نوسینگەی سەرۆكی دیـــوان.
- ب . گ . كاروباری یاسایی لە دیوان .
- ب . گ. كارگێڕی و دارایـــــی .
- ب .گ . هەماهەنگی وبەدواداچوون لە دیوان .
- ڕۆژنامەی (وقائعی كوردستان) / بۆ بڵاوكردنەوە .

Kurdistan - Hawler
Tel.: 00964 66 223 55 00 - 4 - 00964 750 471 55 00
E-mail: diwan@krp.org

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٥

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥ کە پەرلەمانی کوردستان–عێراق لە دانیشتنی دەسپێکی خولی بەهارە لە ٢٠١٥/٣/٣ پەسەندی کردوە :**

## بڕیار
## بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستان ـ عێراق

**یەکەم:** مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

١ـ ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٢ـ وەزارەتی ناوخۆ: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

٣ـ یاسای پارێزگاکان: یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.

دووەم:

١- قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی کوردستان - عێراق بە هەمان ئەو مەرج و پلە و ئەرك و دەسەڵاتانەی لە یاسای پارێزگاکان دەق نووس کراون بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق پەسەند دەکرێن لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای پێشکەش کردنی ناوی یەك پاڵێوراو لەلایەن پارێزگار.

٢- ئەگەر پاڵێوراوەکە زۆرینەی پێویستی بە دەست نەهێنا، پارێزگار لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ناوی کاندیدێکی تر بە هەمان میکانیزم ڕەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، ئەو میکانیزمە بەردەوام دەبێت تا کاندید دەنگی پێویست بەدەست دێنێ.

٣- ناوی پەسەندکراو لە ڕێگەی پارێزگا بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی پەسەندکردنی.

سێیەم:

١- قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەبن، بەهەمان میکانیزمی چاودێری کردنی پارێزگار وەك لە برگەی (دووەم)ی ماددەی شەشەمی یاسای پارێزگاکان ئاماژەی بۆ کراوە.

٢- قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی کوردستان - عێراق لەلایەنی کارگێڕییەوە پەیوەست دەبن بە وەزارەتی ناوخۆ لەڕێگای پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، پارێزگار یان وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە داوای لادانی قائمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە بکات، لەسەر کارلادانیان بە ڕەزامەندی (٢/٣) دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

چوارەم:

١- ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت تا کاتی هەڵبژاردنی خولی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێم ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.

٢ـ ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە.

**پێنجەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**شەشەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

١٦ / ٣ /٢٠١٥

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**

**رئاسة الاقليم**

**الرئيس**

باسم الشعب

**قرار**

**رقم (٤) لسنة ٢٠١٥**

**وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العـراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ قررنا اصدار القرار الذى اصدره برلمان كوردستان – العراق في الجلسة الافتتاحية للدورة الربيعية ، في ٢٠١٥/٣/٣ تحت رقم (١) لسنة ٢٠١٥:**

**قرار**

**الترشيح والمصادقة على القائمقام ومدراء النواحي في كوردستان - العراق**

**أولاً:** يقصد بالعبارات الآتية المعاني المبينة إزاءها:

١- مجلس الوزراء: مجلس وزراء إقليم كوردستان.

٢- وزارة الداخلية: وزارة الداخلية في إقليم كوردستان.

٣- قانون المحافظات: قانون المحافظات في إقليم كوردستان - العراق رقم (٣) لسنة ٢٠٠٩.

**ثانياً:**

١- يصادق على القائمقام ومدراء النواحي في كوردستان – العراق بالشروط والدرجات والمهام والاختصاصات ذاتها المنصوص عليها في قانون المحافظات بالأغلبية المطلقة لأعضاء مجالس المحافظات في إقليم كوردستان - العراق خلال مدة (١٥) يوماً من تاريخ تقديم اسم مرشح واحد من قبل المحافظ.

٢- إذا لم يحصل المرشح على الأغلبية المطلوبة، يرسل المحافظ خلال مدة (١٥) يوماً اسم مرشح آخر بموجب الآلية ذاتها إلى مجلس المحافظة، وتستمر هذه الآلية إلى حين حصول المرشح على الأصوات المطلوبة.

٣- يتم رفع الاسم المصادق عليه عن طريق المحافظ إلى وزارة الداخلية لغرض رفعه إلى مجلس الوزراء لإصدار أمر التعيين خلال مدة (١٥) يوماً من تاريخ المصادقة عليه.

**ثالثاً:**

١- يخضع القائمقام ومدراء النواحي إلى رقابة مجلس المحافظات في إقليم كوردستان، بموجب آلية مراقبة المحافظ ذاتها حسبما هو مشار إليها في الفقرة (ثانياً) من المادة السادسة من قانون المحافظات.

٢- يرتبط القائمقام ومدراء النواحي في كوردستان – العراق من الناحية الإدارية بوزارة الداخلية عن طريق المحافظات والإدارات المستقلة، وللمحافظ أو وزير الداخلية طلب عزل القائمقام أو مدير الناحية ويكون ذلك بموافقة ثلثي أصوات أعضاء مجلس المحافظة.

رابعاً:

١- ينفذ هذا القرار إلى حين انتخاب الدورة التالية لمجالس المحافظات والأقضية والنواحي، بموجب قانون انتخاب مجالس المحافظات والأقضية والنواحي في الإقليم رقم (٤) لسنة ٢٠٠٩ المعدل.

٢- لا يشمل هذا القرار محافظة حلبجة.

**خامساً**: على مجلس الوزراء، ووزارة الداخلية والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القرار.

**سادساً**: ينفذ هذا القرار من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**

**رئيس اقليم كوردستان - العراق**

**هەولێر**

٢٠١٥/٣/١٦